# قسەیەك لە سەر قسەیەكی درەنگكەوتوو !

**زۆر هێژا كاك فەلەكەدین كاكەیی**
**سڵاوێكی كوردستانیانەی گەرم،**

**ئەوەی راستی بێت گفتوگۆیەكی بەڕێزتان لەگەڵ رۆژنامەی *رووداو* (ژمارە ٦٧ بە بەرواری ٢٠١٠/١٠/١٩) وایلێكردم ئەم نامەیەتان بۆ بنووسم بە هیوای ئەوەی بەشداریەك بێت لە وروژاندنی یا راستتر بڵێم ورووژاندنەوەی هەندێك بابەت كە لە دیمانەكەتانا باسیان لێكراوە و پێشتریش خۆم گرنگیم پێداون و كاریشم لە بوواری سیاسەتی عەمەلیدا لەگەڵ هەندێكیاندا كردووە.**

**بەڕێز،**
**لە گفتوگۆكەتدا كۆمەڵێك بابەتت ورووژاندوە كە لە لایەكەوە جێگەی ستایش و دەستخۆشیكردنە، لە لایەكی ترەوە باسوخواسەكەتان مرۆڤ نیگەران دەكات، وە بە تایبەتیش كاتێك ئاماژەكان لە رۆشنایی سیاسەتی سەركردایەتی كورد لە باشووری كوردستان خوێندنەوە و تێگەیشتنیان بۆ دەكرێ، كە بڕوام وایە زیاتر سیاسەتی خۆهەڵواسین بە رووداوەكان و ژیانكردن لەسەر حسێبی رووداوەكانە تا ئافراندنیان. بە مانایەكی زۆر كورت، ئەو سەركردایەتیە بێ ستراتیژ و بێ ئاسۆی سیاسیە.**

**هەر چەندە لەو بڕوایەدام كە هەموو دەرفەتەكان بۆ باشووری كوردستانێكی سەربەخۆ لەدەست نەچوون، بەڵام ئەمە ٢٠٠٣ نیە بەڵكو ئەمڕۆ ٢٠١٠یە. بۆ سیاسەت و سیاسەتكردن نەك ٧ ساڵ زۆرە بەڵكو هەروەك لینین و دیڤید بنگوریون و هیلمۆت كۆڵ راست بۆی چوون (لە سێ مەقتەعی مێژوویی زۆر جیادا — یەكەمیان دەربارەی كاتی ئەنجامدانی شۆڕشی ئوكتوبەر،**

دوەمیان دەربارەی راگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل و سێهەمیان لەسەر بڕیاری یەککردنی هەردوو ئەڵمانیاکە-) کە یەك دانە سەعاتیش بۆ سیاسەت زۆرە. . .

بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر ئەم تێزانەی سەرەوە و قسەکردنیش لەسەر ئاخافتنەکانی جەنابت (کە لێرەدا بە قسەی درەنگوەخت ناویان دەبەم)، بە تابەتی ئەو پەیڤانەی کە پەیوەندیان بە بابەتی ریفراندەمەوە هەیە، ئەم چەند تێبینیەی خوارەوە دەخەمە روو:

١) کارسە سیاسیەکەی دوای کەوتنی دکتاتۆر لەوەدا بوو کە سەرکردایەتی کورد لە باشوور وە بە تەسکبینیەکی زۆرەوە *بە هزر و بیرێکی کۆن کاری لەگەڵ حاڵەتێکی تەواو نوێی مێژوویی و جیوستراتیژیدا کرد*. . . من تێدەگەم ئەگەر لە حاڵەتە سیاسیە ئاڵۆزەکەی عیراقی دوای سەددامدا بۆ ئەمریکیەکان زۆر شت چاوەڕوانەکرا و بووبێت، بەڵام مرۆڤ هەرگیز ئاسان نیە لەوە بگات کە سەرکردایەتی کوردیش کۆمەڵێك ناشەرازایی و ناکارامەیی و کورتبینی پێوە دیار بوو، هەر چەندە کورد ٨٢ ساڵ بوو بەزۆر بەو دەوڵەتە لکێنرابوو ئەو هەموو ماوەیە لە خەباتی بەردەوام دابوو بەرامبە رژێمەکانی ئەو دەوڵەتە؛ بەم پێیەش دەبێ سەرانی کورد لە هەموو کەسو لایەنێك ئاگاداری و شارەزایی زێتری هەبێت بۆ چارەسەری یەکجارەکی کێشەی کور لە رێگەی کۆتایی دانانێك بۆ بوونی ئەو دەوڵەتە، یا هەر نەبێ کارکردن بەو ئاراستەیە لە بڕی ژیاندنەوە و دامەزراندنەوەی سەرلەنوێی. با ئەم مەسەلەیە زیاتر روون بکەمەوە:

بەندە هەر رۆژێك دوای کەوتنی دکتاتۆر دوو نامەم بە دوای یەکتردا (لە رۆژانی ٢٠٠٣/٤/١٠ و ٢٠٠٣/٤/١١) بۆ هەردوو حکومەتەکەی پارتی و یەکیەتی ناردووە. بەبێ ئەوەی سەرتان بە گێڕانەوەی تەواوی ناوەڕۆکی نامەکان بئێشێنم، تەنها چەند ئاماژەیەك دەکەم لەو شتانەی کە لە نامەکاندا هاتوون وە پەیوەندیدارن بە ناوەڕۆکی دیمانەکەتان: ١- لە نامەی یەکەمدا هاتووە کە رازیبوون بە لکانەوەی باشوور بە عیراق گەڕانەوەیە بۆ چوارگۆشەی ژمارە یەك (واتە گەڕانەوەیە بۆ حاڵەتی ساڵی ١٩٢١)...؛ ٢- هەر لە نامەی یەکەمدا دەڵێم "لەوە دەچێ سەرانی کورد لە باشوور باوەڕیان کردبێ کە ئەوان میعماری دەوڵەتی داهاتووی عیراق دەبن. ئەگەر وا تێگەیشتبن، ئەوا بە حیسابێکی مێژوویی چەوتدا چوون، کورد لە عیراقی داهاتوودا ناتوانێ میعمار بێت. لە باشترین حاڵ وەك ساڵانی (١٩٢١ - ١٩٩١) دەبێ... عیراقی داهاتوو عیراقی ململانێ دەبێت لە نێوان پڕۆژەیەکی شیعی بەرامبەر سونني عەرەبی...بە کورتی عیراقی دوای سەددام عیراقی ململانێ دەبێت، نەك هی ئەزموونی دیمۆکراسی..." هەر لەم بارەیەوە لە نامەی دووهەمدا نووسیومە: "ئەگەر کورد رابکێشرێتە ناو گەمەیەکی ئەوها ئەوا خەتەری هەیە کە

**کوردستانیش لەدەست بدا و عیراقیش بەدەست نەیەنێت.**" بەڵێ ئەوە رۆژەیەکەیە کە لە دیمانەی بەڕێزتانەوە، ئەو جەدەلە، کەم یا زۆر، هەستی پێدەکرێت؛ ٣- لە خاڵی ٧ی هەمان نامە (واتە نامەی یەکەم)دا دەڵێم: "**وا دەزانم ئەگەر بە زووترین کات پارتی و یەکێتی وە بە کارێکی زۆر بە پەلە هەوڵی ئەوە نەدەن کە باسی مافی چارەی خۆ نووسین و رێفراندەم و پرسکردن بە رای خەڵکی کوردستان لەمەڕ دوارۆژیان بکەن، ئەوا لە باشترین حاڵەتدا کورد دووچاری دوارۆژێکی ناڕوون و نادیار دەبێ. . .: ئەوا کورد دەگەڕێتەوە چوارگۆشەی ژمارە یەك. . .**" هەر لەم بۆچوونەوە بەندە بە هاوڕێیەتی ٤ کەسی تر رۆژانی ٤ و ٥ی مانگی ١ ساڵی ٢٠٠٤ سەردانی هەردوو سەرکردە مەسعود بارزانی و مام جەلالمان کرد (هەڵبەتە لە دوو دیداری جیادا) وە لەبەردەمیان گووتم "**کورد لە لوتکە نزیك بۆتەوە گەر پاڵنەدرێ بۆ سەر لوتکە ئەوا بە ئەگەری یەکجار زۆر بەرەو هەڵدێر دەگەڕێتەوە.**" وە پێشنیاری بەندە بۆ ئەو پاڵدانە (راستتر بڵێن ئامرازی ئەو پاڵدانە) ریفراندەمێکی سەرتانسەری بوو. داخەکەم وا دەرکەوت کە (هەڵبەتە بۆچوونی خۆم ئەو کاتەش وابوو): سەرکردایەتی کورد لە مامەڵەکردنی عیراقی دوای سەدام هێشتان هەر ئەسیری کوردایەتی و بیری سیاسی عیراقی کۆن و بەر لە رووخان بوو، لە راستیدا بیری ١٩٥٠کان و ١٩٦٠کانی سەدەی رابردوو بوو. ئەم سەرکردایەتیە ئەسیری ئۆتۆنۆمیزم بوو (بەم مانایە فیدرالیش هەر دەکەوێتە چوارچێوەی تەرتیباتی ئۆتۆنۆمیەوە): لە راستیدا هەندێك سیستەمی ئۆتۆنۆمی هەن لە جیهاندا، لە زۆر روەوە، بەهێزترن لەو فیدرالیەی کە لە چوارچێوەی دەستوری عیراقدا هاتووە، بەڵام لەوەش خەراپتر لایەنی عەرەبی بەمەش رازی نیە...؛ ٤- لە خاڵی شەش (٦)ی هەمان نامەدا هاتووە "**قەوارەی تراژیدیاکە گەورەترە و مەداشی فراوانترە کاتێك دەبینین ئەو رۆڵی هاوسەنگیکەرەی بریتانیەکان بەزۆر بەسەر کوردیان سەپاند ساڵی (١٩٢١)، ئەمڕۆ دوای (٨٢) ساڵ کورد شانازی بەو رۆڵەوە دەکات کە هەیبێت لە عیراقی دوای سەدام. . .**"؛ ٥- هەر لە نامەکاندا ئەوە هاتووە کە پێویستە سەرکردایەتی کورد ئەم پرسیارە جددیە لە خۆی و ئەمریکیەکانیش بکات: **ئایا کە پرۆژەی بریتانی لە دەوڵەتی عیراقی یەکبوودا لە ماوەی ٨٢ ساڵدا سەرنەکەوت، ئەوە چیە وا دەکات کە ئەمریکیەکان لە هەمان پرۆژەدا سەرکەوتوو بن؟** داخەکەم سەرکردایەتی کورد نەك هەر ئەو پرسیارە جددی و پێویستەی نەکرد (نە لە خۆ و نەش لە ئەمریکیەکان) بەڵکو خۆشی کرد بە سەری رمی مومکنکردنی ناموممکن (کە پڕۆژەی دەوڵەتی عیراقە)... ئاخر کاك مەسعود، لە دوای ٥٠ رۆژ مانەوە لە بەغدا لە کاتی پڕۆسەی نووسینەوەی دەستور، کە گەڕایەوە کوردستان رایگەیاند کە شانازی نەك هەر بە چەسپاندنی مافەکانی کورد لە دەستوردا دەکات، بەڵکو شانازیش بەوەوە دەکات کە سوننە و شیعەشی لەیەکتر نزیك کردۆتەوە. هەر ئەو کاتە سەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە شانازیەوە رایانگەیاند کە زیاتر لە ٢٥ کۆبوونەوەی نزیککردنەوەی سوننە و شیعە لە یەکتر تەنها لە ماڵی (یا راستتر بڵێین لە بارەگای کاری) کاك مەسعود لە بەغدا ئەنجامدراوون؛ جگە لە

کۆبوونەوەی تر لە شوێنی تر. ئەمە دەچێتە مێژووەوە وەك یەکێك لە موفارەقە (پەرادۆکس)ە گەورەکانی سیاساتی کوردی، کە لە راستیدا ئەو سیاسەتە پڕیەتی لە موفارەقەی کوژەر و سەیر و سەمەرە! لێرەدا نامەوێ موفارەقەکان بژێرم، بەڵام سەیر ئەوەیە کە زۆر جار لایەنە کوردیەکان لە گەڵ بەرامەبەرە دوژمن و داگیرکارەکە "دیموکراتتڕن" تا لە گەڵ برا و خوشکە کوردستانیەکانی!! هەروەك خۆی دەخوازێ وابێت، مام جەلال ئەو شانازیەی بە ٤ساڵی سەرۆکایەتی کۆماری عیراقەوە دەکات بە تەواوی خەباتی پێشوویەوەی ناکات! ئەوەتا مام جەلال هەر کەمێك بەر لە کەوتنی دکتاتۆر (لە ٢٠٠٣/٣/٢١) دەڵێت "**من خەون بە عیراقەوە دەبینم نەك بە کوردستانەوە.**" ئەمە هەر لەخۆوە نەهاتووە و کەسیش مام جەلالی مەجبوور نەکردوە ئەوها فکر بکات بەڵام ئەمە رێك بەرهەمی مەدرەسەیەکە لە بیرکردنەوە و جیهانبینییێکە و خۆناسین و ئەویتر ناسینێکە (کوردایەتیە کاتبەسەردا چوو و کلاسیکیەکەیە)و...هتد، کە تا ئەمڕۆش بە توندی باڵی بەسەر ئەندێشە و فەلسەفەی سیاسی سەرکردایەتی ئەو بزاڤەدا گرتووە و لێناگەڕێ هاوکاتی خۆی ببینێ. . .

**٢) لە دیمانەکەدا** باستان لە مەسەلەی ریفراندەم کردوە. حەز دەکەم لەم بارەیەوە چەند تێبینیەك بخەمە روو: ١- جێگەی داخە تا ئێستاش سەرکردایەتی سیاسی، بە تایبەت هی پارتی و یەکێتی بەڵام هی ئۆپۆزیسیۆنیش، لە ماهیەت و رەهەندەکان و گرنگی پرەنسیپی ریفراندەم نەگەیشتوون. دەڵێم پرەنسیپ، چونکە هەڵوێستی پارتی و یەکێتی لە بزاڤی ریفراندەمی ساڵی ٢٠٠٤ باسێکی ترە، کە هەر لەم تێبینیانەی بەردەستدا دەگەڕێمەوە سەری. ریفراندەم بەو شێوەیەی کە بەندە تێیگەیشووم: أ- رووی دراوێکە کە لە دوو روو پێکهاتووە؛ روێکیان لەسەری نووسراوە مافی چارەی خۆنووسین وە رووەکەی تریش ریفراندەم. لە راستیدا مافی چارەی خۆنووسین لە تەرجەمەی عەمەلیدا دەکاتە (یا دەبێتە) ریفراندەم؛ ب- تەنها لە رێگەی ریفراندەمەوە خەڵکی دەتوانن گوزارەش لە ئیرادەی تاك بە تاکی خۆیان بدەن لە هەنگاوێکی گشتگیری چارەنووسسازدا؛ ج- ریفراندەم تاك چالاك دەکا و پەیوەندیداری دەکا بە چارەنووسەکەیەوە، کە هیچ پرۆسەی تر ناتوانێ ئەو ئەنجامەی هەبێت؛ د- ریفراندەم ناحەزانی بیرۆکەی سەربەخۆبوون ئیحراج دەکا بەڵام، جیا لە زۆر ئامرازی تری خەبات، بەهانە ناداتە دەست دوژمن بۆ تۆڵەسەندنەوە...؛ د- ریفراندەم بە شێوەیەکی نوێ، جیا لە شێوازە تەقلیدیەکە، سەرەنجی رای گشتی جیهانی بۆ خۆی رادەکێشێ وە ئەو رایە گشتیە بە شێوازێکی هاوچەرخ و تەندروست بە چارەنووسی کوردەوە پەیوەندیدار دەکات...؛ ح- لە رێگەی ریفراندەمێکی گشتیەوە دەکرێ بە شێوەیەکی زۆر جیا نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە جیهانیە پەیوەندیدارەکان بخرێنە بەردەم ئەمری واقع و بەشێوەیەك پەیوەندیدار بکرێن کە

زۆر جیایه لەوەی ئەو پەیوەندیدارکردنه لە ڕێگەی بریارێکی سیاسی دەسەڵاتی کوردی یا حزبێکی سیاسی کوردیەوە هاتبێ؛ هـ- ریفراندەم مۆری ئەمریکی (وەك بارگرانایيەکی سیاسی) لەسەر هەر هەوڵێکی سەربەخۆیی باشووری کوردستان لادەبات وە ئەو هەوڵە، هەرچەندە بە پشتگیری ئەمریکاش بێت (شاراوە یا ئاشکرا)، دواجار وەك هەنگاوێکی خۆماڵی و ئیرادەی خەڵك دەردەکەوێ، کە ڕەدکرنەوەی یا دژایەتیکردنی ئاسان نابێت. جگە لەمەش، ئەمریکا لەبەر دەم دۆستانی (تورکیا و وڵاتانی عەرەبی) ئیحراج نابێت، چونکە ئەم هەنگاوی سەربەخۆییە لە ڕێگەی ئیرادەی خەڵکەوە (بە هەنگاوی ریفراندەم) هاتووە نەك لە ئاکامی پیلانێکی ئەمریکا و رۆژئاوا بۆ دابەشکردن و لەت و پەتکردنی ناوچە؛ س- لەگەڵ هەر ئەگەرێکی زیندووبوونەوەی بزاڤی ریفراندەم لە داهاتووەکی نزیك یا دووردا، گرنگترین شت ئەوەیە کە پارتی و یەکێتی دەست لەو بزاڤە هەڵگرن. با بۆ یەکەم جار کورد ببێ بە خاوەن پڕۆژەیەك کە ***لە هەموو نەتەوەوەیە و هی هەمو نەتەوەیە و بۆ هەموو نەتەوەشە.*** بزاڤێکی ریفراندەم ناتوانێ خەبات بۆ ئازادی و سەربەخۆییەکی راستەقینە بکات ئەگەر بێت لە بوون و ماهیەتیدا ئازاد و سەربەخۆ نەبێت ! ٢- من بە راشکاوی دەڵێم شکستی بزاڤی ریفراندەم لە باشووری کوردستان دەرهاوێشتەی راستەوخۆی سیاسەتی چەوت و کورتبینی پارتی و یەکێتی بوو. ئەوان لەبەر زۆر هۆ چۆکی بزاڤی ریفراندەمیان شکاند: أ- لە رۆشنایی پرەنسیپێکی سەقەت و نادیمۆکراتیانە "ئەوەی لەبەر دەستی خۆم نەبێ، نابێ بوونی هەبێ..."؛ ب- پارتی و یەکێتی بزاڤی ریفراندەمیان وەك هەڕەشەیەکیان بینی بۆ هەیمەنەی سیاسی خۆیان، نەك وەك ***سەرچاوەی هێز بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی و خەڵکی کوردستان***؛ ت- ئەو دوو هێزە لەوە ترسان کە دواجار بزاڤی ریفراندەم ململانێی سیاسی لە باشووری کوردستان (روو لە ناوەخۆ) لە قازانجی هێزێکی ئەلتەرنەتیف یەکلا بکاتەوە وە وایان زانی ئەم بزاڤی ریفراندەمە دەبێتە ئەو ئەلتەرنەتیڤە، کە لە راستیدا مەبەستی راستەوخۆی ئەو بزاڤە ئەوە نەبوو. بە مانایەکی تر ئەوان سەرئێشەی سەرەکیان ئەوە بوو ئایا ریفراندەم لە ***رووی ناوەوە چ هەڕەشەیەك دەبێ لە هەیمەنەی سیاسی ئەوان تا تەماشاکردنی ئەو بزاڤە وەك سەرچاوەی هێزێکی مێژوویی یەکلاکەرەوە لە پڕۆژەی بوون یا نەبوونەوەی عیراق*** (واتە ململانێی بەخۆبوون و سەربەخۆبوونی باشووری کوردستان لە لایەك یا جارێکی تر بە توندی لکانەوەی بە عیراق لە لایەکی ترەوە)؛ ج- بزاڤی سیاسی باشووری کوردستان بەردەوام لە ئاستی داواکاری سەربەخۆیدا، خۆی بچووك بینیوە. وە هەر ئەوەش بوو سەرچاوەی خوێندنەوە و هەڵوەستەی ئەو دەسەڵاتە لە بزاڤی ریفراندەم. لە راستیدا پەیامی هەرە سەرەتایی کاك مەسعود لە بەرامبەر بزاڤی ریفراندەم ئەوە بوو کە "بەردی گەورە نیشانەی نەهاوێشتنە"! ئەمە ئەو پەیامەی بارزانی بوو کە، لە ڕێگەی نوێنەری پارتیەوە، بە کۆبوونەوەیەکی گەورە و گرنگی کوردستانیانی خوارووی سوید (کە لە شاری مۆلو لە ٢٠٠٤/٨/٢٢) راگەیەندرا؛ د- هەر مام جەلالیش بەرپرسە لە راگرتنی بەرنامە نایابەکەی

*كوردسات* (بەرەو ریفراندەم)، ئەو بەرنامەیەی کە توانی جوانترین خزمەت بە بزاڤی ریفراندەم بکات؛ هـ- لە راستیدا کاتێك نوێنەرانی کۆمیتەی ریفراندەم چوون بۆ بەغدا لە کاتی ئیدارەی مەجلیسی حوکم تەنها چەند رۆژێك بەر لە دەرچوونی یاسایی ئیدارەی دەوڵەت (ناسراویش بە دەستوری کاتی)، هەندێ کەسایەتی عەرەبی (لەوانەش ئەحمەد چەلەبی) پێشوازی گەرمتریان لەو نوێنەرانە و بیرۆکەی ریفراندەم کرد تا کاك مەسعود و مام جەلال. بەلام دەبێ ئەوەش بگوترێ سیاسەت و شێوەکارکردنی کۆمیتەکە خۆیشی خۆکوژانە بوو، بە رادەی یەکەم چوونکە قەبووڵی کرد بکەوێتە ژێر سێبەری قورسی ئەو دوو حزبە حوکمڕانەی باشوور و نەشی توانی لە مەدرەسەی ئۆتۆنۆمیزم رزگاریبێ؛ س- دەسەڵاتی کوردی لەوە ترسا کە ئەگەر ئیرادەی کورد لە باشووری کوردستان لەرێگەی بزاڤێکی راستەقینەی ریفراندەمدا چالاککرا ئەوا دواجار هەر ئەو ئیرادەیە بە ئەگەری زۆر بەرەو رووی خودی خۆیان (واتە دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان) دەبێتەوە.

٣) لە دیمانەکەتدا لە گەڵ *روداوو* ئەوە خویا دەبێ کە ئێوە گەیشتوونەتە هێڵی "*بێئومێدی*" لە پڕۆژەی دەوڵەتی عیراق و چارەنووسی باشووری کوردستان لەم پەیوەندیەدا. هەر لەم رۆشنایییەشەوە دەڵێیت "**لە سەربەخۆیی زیاتر هیچ رێگەیەکمان لەپێش نیە.**" لەم بارەیەشەوە حەز دەکەم چەند تێبینیەك بدەم: أ- جێگەی ستایش و دەستخۆشیە کە بەرپرس و کەسایەتیەکی سیاسی بە پێگەی ئێوە ئەو رادەیەی لە راشکاوی تیابێ کە بەو روونیە گوزارەش لە کێشەکان بکات. مخابن بەشی زۆری سەرانی کورد لە باشوور بە شێوەیەکی تر گوزارەش لە شتەکان دەکەن وە لە راستیدا هەر ئەوهاش هەڵسوکەوت دەکەن، ئەویش بەو مانایەی کە **پرۆسەی سیاسی لە عیراق هێشتان هیوابەخشە.** دیارە ئەو جۆرە سەرکردانە کاتێکی تریان پێویستە تا بگەنە هەمان ئەو دەرەنجامەی جەنابت؛ ب- لە بەراوردێکی بە پەلە لە نێوان ناسیۆنالیزمی کوردی و زایۆنیزمدا، جیاوازیەك بە قەد ئەوەی ئەرز و ئاسمان دەردەکوێ: لە راستیدا جوەکان لە فەلەستین لەسەرەتای ١٩٢٠کانەوە هەوڵی نامومکنکردنی **فەلەستینێکی یەکبوویان** دەدا، بە مانایەکی تر هەوڵی **مومکنکردنی دابەشبوونی فەلەستینیان** دەدا، ئەمەش رێك لە رێگای *بێهیواکردنی بەریتانیەکان لە پڕۆژەی دەوڵەتی فەلەستین بەدەست هات.* ئەو بۆچوون و ستراتیژەی جووەکان لە سەرەتای بیستەکانەوە بەچڕی جێگیر بوو، کە دواتر بۆیان چوویە سەر: بەریتانیا بێهیوا بوو (یا راستتر بڵێن زایۆنیستەکان وایان لێکرد کە هیوا بە فەلەستینی یەکبوو لە دەست بدات) و بەم هۆیەش بڕیاری خۆکێشانەوەی یەکجارەکی لە فەلەستین بدا لە ساڵی ١٩٤٧ و لە ساڵی دواتریش بە فیعلی کشایەوە و دەوڵەتی ئیسرائیلیش بەبێ یەك کاتژمێریش دواکەوتن راگەیەنرا... ئەمە لە کاتێکدا کە هێشتا جوەکان بەو هەموو

ئەزموونە تاڵە لەگەڵ عەرەب تێپەڕنەبوبوون... کەچی سەرانی کورد دوای ٨٢ ساڵ لە ئەزمونێکی تاڵ و خوێناویدا (ئەنفال و هەڵەبجە و ...هتد) لەگەڵ دەوڵەتی عیراق، هەتا لە دوای رووخانی دکتاتۆریەتیش، ئەوجا نەك هەر بە بەرنامەی بێهیواکردنی ئەمریکیەکان لە پرۆژەی دەوڵەتی عیراق کاریان نەکرد بەڵکوو تەواو بە پێچەوانەوە بە بەرنامەی سێ بەهیاوابوون و بەهیواکردن کاریان کرد، لە سەر ئەو بڕوایەی کە تەنها چارەسەر بۆ کێشەی کورد عیراقی "دیمۆکراتی و فیدراڵیە" (واتە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیمۆکراتی بۆ عیراق)! ئەم سێ بەهیوابوونەش ئەمانەن: یەکەمیان، هیوا درووستکردن لای خەڵکی کوردستان کە تەنها چارە عیراقی دیمۆکراتی و فیدرالیە وە دەنگدانیش بە دەستووری هەمیشەیی عیراق "دەنگدانە بە رێگرتن لە سەرهەڵدانەوەی ئەنفال و هەڵەبجە"؛ دووەمیان، هیوادروستکردن لای ئەمریکیەکان کە باشترین چارەسەر عیراقی دیموکراتی و فیدرالیە. ***سەرکردایەتی کورد هەرگیز زاتی ئەوەی نەکرد بە راشکاوی بە ئەمریکیەکان بڵێ کە هیچ ئامراز و هۆیەك نیە کە ئێوە لە پرۆژەکەی بەریتانیا سەرکەون کە خۆی ٨٢ ساڵە شکستی هێناوە و بەشی کوردیش لەو پرۆژەی بەریتانیایەدا هەر ماڵوێرانی و کۆمەڵێك تراژیدیا بووە***؛ بەهیوابوون یا بە هیواکردنی سێهەمیشیان بریتی بوو لە دانی هەموو هەوڵێك بۆ رازیکردنی شیعە و سوننەی عەرەب وە نزیککردنەوەیان لە یەکتر. ئاخر بۆ مموکنکردنی ئەو پرۆژەیەی دامەزرانەوەی سەرلەنوێی عیراق سەرانی کورد دەیان هەڵەیان کرد، یەکێ لەو هەڵانە ئەوەبوو کە هەموو هەوڵێکیان دا لە پێناوی بەشداریکردنی سوننەی عەرەب لە هەڵبژاردنەکانی پێشووی عیراقدا، وە لەم پێناوەشدا سەرانی کورد بەوەش رازیبوون کە مادەی ١٤٢ لە رەشنووسی دەستور زێدە بکرێ (کە مەبەست لەو ماددەیە ئەوەبوو کە دوای هەڵبژاردن گۆڕانکاری لە دەستوردا بکرێت؛ ئەو هەمموە لە پێناوی بەشداری سوننە (یا راستتر بڵێین بەشێك لە سوننەی عەرەب – تارق هاشمی و جەماعەتەکەی) لە پرۆسەی سیاسیدا. هەموو ئەوەش لە پێناو سەرخستنی پرۆسەی سیاسی لە عیراق و مومکنکردنی پرۆژەی سەرلەنوێ ئاوەدانکرنەوەی عیراق و تەواوکردنی تەوق و قەفەس بەدەوری کوردا لەو وڵاتە. شایەنی وتنە، لە وتاریکمدا، کە لە ٢٠٠٥/١٠/١دا بڵاوبۆتەوە، بە دوور و درێژتر باسی ئەم ئیشکالیەت و موفارەقەی سێ دانە بەهیواکردنەم کردوە، کە تەواو بە پێچەوانەوە پێویست بوو هەوڵدان بێت بۆ سێ دانە بێهیواکردن. هەر لەوێ و لە زۆر بۆنەی تریش باسم لەوە کردوە کە هیوای راستەقینەی کورد رێك لە سێ بێهیوابوون دایە. . . داخەکەم ئێستا هەندێ درەنگە، وە دەتوانێ زۆریش درەنگ بێت، بۆ ئەو سێ بێهیوابوونە. . . بە هەر حاڵ، وا دەزانم هەموو دەرفەتێك لەدەست نەچووە!؛ ب- دوو کەسایەتی کورد (هوشیار زێباری و مام جەلال) هەڵسوکەوتیان لە بابەتی مومکنکردنی دەوڵەتی عیراق نیگەرانئامیز و ترسناك بووە. لێرەدا تەنها، وەك نموونە، باس لە هەوڵی بێوچانی ئەو دوو کەسە دەکەم بۆ دەرهێنانی عیراق لە بەندی حەوتی پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان. بەم دەرهێنانەش بە مانای

کۆتاییهاتنی به تەواوەتی به بڕیارەکانی ٦٨٨ و ٩٨٦ی نەتەوە یەکگرتوەکان که له کاتی کاراکردنەوەی هەردوکیان کورد دەبێ به خودی *ئامراز و ئەلتەرنەتیڤێك* بۆ جیابوونەوە له عیراق. ئاخر دەرهێنانی عیراق به تەواوەتی له بەندی حەوت مانای گەڕانەوەی تەواوی سەروەری بۆ عیراقه و بەو مانایەش کاملبوونی تەوقه لەسەر وجوودی کورد. به مانایەکی تر تا عیراق مابێتەوە له چوارچێوەی ئەو بەندە ئەوا ئەگەر زۆرە کورد بتوانێ راستەوخۆ سوود له بڕیاری نەتەوە یەکگرتوەکان (ژمارە ٩٨٦ — واتە نەوت بەرامبەر خۆراك و دەرمان، که ١٣٪ی یەکسەر بۆ کوردستان بوو له ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتوەکاندا) وەربگرێ لەکاتی هەر دابڕانێك لەگەڵ بەغدا یا هەر قەیرانێکی جددی که دابڕانی بەتەواوەتی نێوان کوردستان و عیراقی عەرەبی لێبکەوێتەوە... به هەر حاڵ، که ناوی ئەو دوو بەرپرسە کوردە دەهێنم مانای وانیه هەنها ئەوان لەو موفارەقه کاریسەئامێزە بەرپرسن بەڵکو تەواوی سەرکردە کوردەکان، جا ئەو سەرکردانە هەر پلە و پایەیەکیان دەبێ با ببێ. ئەوەی من ئاگادارم تا ئێستا نەمبیستوە بەرپرێسێکی کورد لەسەر ئەو بابەتە راوەستێی و ختورەتی دەرچوونی عیراق له ژێر ئەو پەرەگرافە بە راشکاوی بخاتە روو وە بە بێ دوودڵی بڵێ "**دەرچوونی عیراق لەو پەرەگرافە بە مانای پاشەکشەیەکی جددی و بگرە کاریسەش بۆ کورد دێت...**"؛ ج- هەموو ئەو بەرپرسە کوردانەی له بەغدان و بەوانەی کوردستانیشەوە نەیان توانی ووردەکاریەکانی رێکەوتنی ئەمریکا و عیراق ببێنن که هەر نەبێ له سێ (٣) مادەیدا ئەو رێکەوتنە دەتوانرێ بەرامبەر (یا دژی) کورد بەکار بهێنرێ... مرۆڤ دەتوانێ بپرسێ بۆ ئەو حاڵەتە؟ وەڵامێك دەتوانێ ئەو راستیە بێ که سەرکردایەتی سیاسی کورد له عیراقی دوای سەدام نەك هەر هیوایەکی مزەوەری بە خۆی و خەڵك بەخشی (بەو مانایەی که هەموو شتێك نوێیە و هەموو شتێك باشە و هەموو مافەکان لە دەستوردا چەسپاون و هەموو شتێك بە دڵی کوردە، ئەمریکا لەگەڵ کوردە و . . . هتد) بەڵکو بە دەستی خۆی خۆی و خەڵکی کوردستانیشی بەنج کرد!

زۆر بەڕێز،

لە کاتێکدا ئەم تێبینیانە دەنووسم بە پەیوەندی لەگەڵ دیمانەکە، ئەو راستیەش دەزانم کە جەنابت یەکێك بوویتە لەو سەرکردە دەگمەنانە کە لە ماوەی ساڵانی دوایدا گوزارەشتان لە کۆمەڵێ نیگەرانی کردوە و هەوڵی ئەوەشتان داوە کە دەرهاوێشتەکان لە ماتماتیکی سیاسەتی کوردیدا هەر بە یەك هاوکێشە دەرنەهاوێژرێن، بەڵکو دەکرێ هاوکێشە (موعدەلە)ی تریش تاقیبکرێتەوە (یا بکرێنەوە). وتارەکەت بەر لە دوو ساڵێك (پەشیمانم، پەشیمانم، پەشیمانم) وە ئەو ئاماژەیەش بە سەربەخۆی کە لە دیمانەکەی *رووداودا* کردووتە، نموونەی گرنگن . . .

---

تێبینی: بۆ بینینی نامەکان و وتارەکانم دەربارەی ریفراندەم و باسوخواسی تر، تکایە بڕوانە ماڵپەڕی تاکە کەسیم burhanyassin.com وە یا کتێبی ***عیراقی دوای سەدام و چارەنووسی باشووری کوردستان،*** (کوردستان، ۲۰۰۸). ئەگەر هەڵە نەبم نوسخەیەکم لەو کتێبە ناردوە بۆتان لە ڕێگەی کاك (تەحسین قادر)ەوە. !

لە دوایدا سوپاس بۆ ئەو دەرفەتە

هەر شاد و تەندروست بن،

براتان، بە ڕێزێکی زۆرەوە،

بورهان أ. یاسین

لوند، سوید، ۲۸/۱۰/۲۰۱۰